کوردستان نێت
KURDISTAN NET

# یاشێخ هۆزانێکی بڵاو نەکراوەی دەشتی نەمر

## ئەحمەد دەشتی

دەشتی وەک کەسایەتیەکی ناودارو هۆزانوان و مامۆستایەکی بلیمەتی ڕۆژگارانی خۆی دیارە کە لە ناوچەی دەشتی هەولێری دیرین جێگەی خۆی لە ناو دڵی خەلک دا کردبۆوەو هەمیشە وەک نیشتمانپەروەرێک و دڵسۆزێک بە درێژایی مێژووی ژیانی توانی بووی کە بە هۆی لێ هاتوویی و هەستی پاکی نیشتمانپەروەری و هەول و خەبات و تێکۆشانی خۆی لە ڕێگەی خزمەت بە زانست و زانیاری و هەڤدە ساڵان خەریک بوون بە دەرس گوتنەوە و ئیجازەدانی بەو ڕۆلانەی کە لە قوتابخانکەی دەشتی لەو ماوەیە دا کە خوێندنیان تەوا دەکرد و بە هۆی ئەو وتارانەی کە لە ڕۆژانی هەینی دا بە زمانی شیرینی کوردی هەر لە ڕۆژگارانی فەقێیاتییەوە بە تایبەت لە لە گوندی بێتواتەوە تا ئەو دەمانەی کە تەمەنێکی کورتی بردە سەر و سەربەرزانە سەری نایەوە ، ناو بانگی خۆی دەر کردبوو لە ناو دڵی جەماوەرەکەیدا زۆر خۆشەویست بوو ، هەموو ڕۆژانی هەینی لە وتارەکانی دا بە کوردیەکی پەتی ورەوان و جوان باسی ژیانی کۆمەلایەتی ڕۆژانەی دەکردو دڵسۆزانە داوای لە خەڵک دەکرد کە هەمیشە یەکتر بگرن و نیشتمان و خاکی خۆیان خۆش بوێت و هەمیشە دژ بە زۆرداران و هەموو زولم و ناڕەوابیەک هەول بدەن و هەرگیز سەریان بۆ دوژمنانی کوردو کوردستان شۆڕ نەکەن و هاوکاری چاکە و خۆشەویستی یەکتری و نیشتمانیان بن،دەشتی لە ڕۆژگارانی خۆی دا هەردەم بە چاوێکی پڕ لە ڕێزەوە دەیڕوانیە پاڵەو جوتیارو هەژارانی کورد کە لە دەورو بەری خۆی دەیبینی کە گەلێ جاران لە لایەن دەرەبەگەکانەوە زولمیان لێ دەکرا و تا ڕادیەک دەچەوسێندرانەوە و هەمیشە لایەنی هەژارانی گرتوە و بۆ ئەو مەبەستەش گەلێ جاران لە گەل ئاغای گوندەکان توشی بە کێشە لەسەر جوتیاران هاتووە،دەشتی گەلێک دژ بەو کۆلکە مەلایانە بووە کە مێزەری مەلایەتیان لە سەر ناوەو لە ژێر ئەو پەردەوە کاری خەراپ و نەزانانەیان کردووە،دەشتی کە بە خۆی باوەڕی بە خۆشەویستی هەژاران و چینی چەوساوە بووە بۆیەکە

دژ به ئەو شێخ و کۆلکە مەلا و ئەو ئاغایانە بووە کە دژایەتی هەژاو جوتیارانی کوردیان کردووە هەروەک لە هۆزانێکی تری دا  کە وەک نامە بۆ مەحمود ئاغای نۆغەرانی نوسیوە لەم دوو دێرە دا دەفەرموێت و دەڵێت:

گوفتاری فەلسەفیەت قەدری نەماوە ئێســــــتا

باعیس بە زولمی ئاغا و شیخ و مەلایی مەولود

بەلێ دەشتی وەک کەسایەتیەکی دیار گەلێ هۆزانی نیشتمانی نوسیوەو هیوای ڕزگاری و سەربەخۆیی کوردو کوردستانی خۆی هەبوەولە زۆربەی هۆزانە نیشتمانیەکانیدا داوای ڕزگاری و یەکگرتن و هەول و خەبات لە پێناوی کوردستانی ئازیزی خۆی کردووەو داوای پەیدا کردنی تەکنەلۆژیا و هەولی پێشخستنی کوردستانی خۆی کردووە. دەبینین کە دەشتی لەم هۆزانە بڵاو نەکراویەی دا کە لە دیوانەکەی دانیە و لە پەڕاوێکی تری بە دەست خەتی خۆی نوسیوەتەوە و تازە پەیدامان کردووە کە بۆ جەنابی شێخە فێڵبازەکانی  نوسیوە و ڕوویان تێ دەکات و دەڵیت:.

## یاشــــــێخ !!        دەشتی

به قوربانت دەبم یاشــــێخ

پڵاوو گۆشتو شـــورباکەت

لەکێت هینا لەکێت پڕ کرد

خـــــەرارو تێڕ و تۆرباکەت

ئەگەرسیندان وقوزەلقورتی

نەکەی نــاتــانی دوو ڕۆژان

وەکوعالەم ئەتۆش هەستی

کەسابەتکەیٖنەخۆی پاکەت

منی دەشـــتی قەسەم بەم

خوایە مونکرنیم ئەما ئەتۆ

دەزانــی چــــــەند کەرت

## هیناتەڕێ بۆکاوو بەرباکەت

*

هەزاران سڵاو لە گیانی پاکی هۆزانوانی کورد دەشتی نەمر و هەموو دڵسۆزان و ئەدەب دۆستانی کوردو کوردستان .